# سەفەر و باپیرەم و کچەکەم

**بەکر ئەحمەد**

**باپیرەم دەیگوت: بەرد لەشوێنی خۆی سەنگینە.**
**کچەکەیشم دەڵێ: "بابە ئینسان پەتاتە نییە ڕەگی هەبێ، ئاخر ئینسان دوو پێی هەیە."**

**بەردێکم دی، سەرگوزشتەی سەفەری خۆی بۆ جۆگەیەك دەگێڕاوە:**
**ئەو ڕۆژەی کە ئاو ڕایماڵیم، چەند دەترسام.**
**یەکەم جار بوو، لە شوێنی خۆم دوورکەومەوە،**
**جا چیم نەدی.**
**ئەوگەڵایانەی هەمیشە سەوزن، ئەو ئاسۆیانەی لەیەکناچن.**
**ئای لەو ڕۆژەی شەپۆلی ماندووی دەریایەك**
**حەکایەتی سەفەری خۆی ، لە شاخەوە بەرە و دەریا گێڕایەوە.**
**دەمووچاوی ئەو ئەستێرانەم بینی، گەر تا ئێستاش لە شوێنی خۆمدا بوومایە**
**نەمدەزانی تیشکیان هەیە.**
**ئەو ڕۆژەی کە ئاو رایماڵیم چەند دەترسام**
**دەترسام لە شێواندنی ئەو گۆرانییەی بە سەنگینیم دەستپێدەکا و**
**بەسەنگینیم کۆتایی دێ.**
**دەترسام فێری گۆرانییەکی دیکە ببم باوکم دڵی پێ خۆش نەبێ.**
**ئای لەو ڕۆژەی ئاو ڕایماڵیم، چەند دەترسام.**
**ئای ئێستاکەش چەند گۆرانی و**
**چەندین ئاسۆ و چەندین ڕەنگی تازە فێر بووم.**
**چەندین بەردی ئەو دیو گردەکەی ئەو بەرم، بوونە هاوڕێم.**

**سەفەرهەر بەتەنها**
**بینینی بەندەرگا و ئێستگای شەمەندەفەر و**
**شاخینە و پارکی گەورە و سنووری تازە و**
**خەوتن لە لێواری ڕێگای سەر شاراندا نییە.**
**سەفەر هەر بە تەنها بینینی ئەو ڕێگایانە نییە**
**کەو دسفەکەی، وا لە گیرفانی قاچاخچیدا و**

هیچ ئەتلەسێك نەبیستووە.
دانیشتن نییە لە سەر کورسی ناو پارکێکدا
باسکردنی سێکس نییە بە ئاشکرا لە ناو ئا پۆرەی بارێکدا.
تەتەڵەمیرانی وشەی تازەی ڕێزمان نییە, لەسەر زمانی مادەری.
جلی تازە و هەویەی تازە و دەموچاوی بێ سمیڵی تازە نییە.
هێنانی ئەوێ نییە بۆ ئێرە.
گۆڕینەوەی شار بە شار و چا یخانە بە قاوەخانە و
دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی دەستکردی نێوان بەهەشت و دۆزەخیش نیە.
سەفەر بەر لە هەموو شتێك
بینینی وێنەی خۆیە لە چاوانی ئەوی دیدا.
نیگایە لەو, لە ناو چاوەکانی خۆدا.
سەفەر بەرلەوەی گەڕان بێت لە پنتێکی زەمینەوە بۆ پنتێ دی
گەڕانە بەناو نیگادا, سەرنجدانە لە دیدی خۆ
سەرنجدانە لە دیدی ئەو لەناو نیگاکانی خۆدا.

بەر لەسەفەر
من بەتەنها چەند کۆڵان و
چەند گەڕەك و هەر دوو شارێك, مێژووی تەجرووبەی زیندووم بوون لەگەڵ شوێنا.
پێم وابوو غەم هەر بەتەنها یەك جۆر بەرگ لەبەر دەکا.
کۆڵانێکیش دەیبردمەوە سەر ئاشەکە.
گەڕەکێکیش, دەبووە مەیدانی شەڕەبەرد لەگەڵ کوڕانی ئەوبەردا.
شەقامێکیش دەیگەیاندمە بەر سینەما.
تێرمیناڵێك دەیگەیاندمە شارێکی دی.

من ئێستاکە هەر تەنها شارێك شك نابەم
ڕەنگەشاری یەکەمینم, دووەم, سێیەم تاکە جیاوازی ناویان بێت.
بەڵام هەموو لەیەکدەچن.
گەر لە شاری یەکەممدا, تەنها "قەحتان"ێکم بووبێ
ئەوا لە شاری دووەمما, من خاوەنی دەیەها بتڵی جیاواز و دەیەها ناوی قەحتانم.
دراوسێی شاری یەکەمم تێردەگریا, کاتێك هەواڵێکی ناخۆش لە پەنجەرەی دڵی دەدا.
دراوسێی شاری سێیەمم هەر وادەکا, کاتێك شادی لە پەنجەرەی دڵی نادا.
هیچ کامیان بەڕووتی ناچێتە بازار و
بیری ناچێ, کریی ماڵ سەری مانگ بدا.

یەکەمیان لە دووکانەی سەرسووچی گەڕەك قەرزیدەکرد, ئەگەر پارەی پیّ نەبوایە,
دووەمیان لە بانك, ئەگەر نەشبوو, لە من یان لە هاوڕێیەکی.

زەبروزەنگ, هەر بەتەنها ویزەی فیشەکێکی وێل و
ژێرزەمینێکی شێداری زیندانی ناو شارێك نییە.
زەبر و زەنگ یانی بە جێهێشتنی منال بەیانیان زوو
لەبەردەرگای باخچەی ساوایاندا گەرچی خەو بەری نەداوە.
سەرە درێژەکانی خەستەخانەن.
مەمکەکانی پامێلا ئەندەرسۆن و ڕووخساری مایکلّ جاکسۆنە.
پڕکردنی ماڵە لە گوڵی پلاستیکی کاتێك بەهار لەودیوی پەنجەرەوە ڕاوەستاوە.
بەکرێدانی هەتاوە لە کەناری دەریایەکدا.
لە قاڵبدانی ڕۆژ و هەفتە و مانگە لە ناو چوارچێوەی سەعاتدا.
زەبروزەنگ, خستنەوە ژێر پرسیاری ڕەشی قژە, لەبەرانبەر قژزەردی جوگرافیایەکدا.

دەکریّ شاعیر بی و
کەس لە چایخانەدا کورسیت بۆ نەگریّ.
دەکریّ نووسەر بی و
پێتوانەبیّ خوێنەر دەبیّ کۆڵکێشی وشەت بیّ.
من لە سەفەرادا بینیم, شاعیر کورسی بۆ ناگیریّ.
هیچ کۆڵکێشێکم نەبینی, بەدوایەوە نووسەرێك بڕوا.

سەفەر یانی بەخشینەوەی شووناسی دارێتیە بە داربەڕوو و
وەرگرتنەوەی شووناسی پاشایەتیە لەو وەك شای درەختێکی دنیا.
سەرنجدانە لە هەڵۆ, وەك باڵندەیەکی بەرزەفر لە قەندیل بیّ یان لە تۆرۆس.
گرتنی وێنەی گەلی عەلی بەگە بەتەنیشتی نیاگاراوە.
بینینی منالّی خۆتە لە کۆلانی یەکەم شارتا و
ووردبوونەوەیە لە یادگارەکانی ئەمڕۆکەت لە سبەێنێی شاری دووەمتا.
سەفەر یانی ئازادکردنی غوربەتە لە زیندانەکانی گەڕەکێکدا و
نیشتەجێکردنی ئەوە لە گەڕەکی بیّ ماڵێدا.
یانی بێکارکردنی "بادی خۆش مروور"ە وەك پۆستەچی بە پەنجەی "بینێرە"ی مەیلێك.
لێسەندنەوەی یەکدەمووچاوییە لە خوا و بەخشینی فرە دەموچاویە بەو.
سەفەردەکریّ گەورەکردنی وێنەی نیشتیمان وهەڵواسینی بیّ بە دیواری ناو ماڵەوە

یان بچووککردنەوەی وێنەی گۆی زەویی و هەڵواسینی بێ بە لای پە نجەرەی نیگاوە.
فێربوونی کچەکەمە بۆ وتنی: بە بڕوای من.
ڕەوینەوەی ترسی ژنەکەمە لەهەڕەشەکانی دەستی تەڵاق,
سەفەر دەکرێ وونبوونی دەمووچاوی باوکێك بێت و
دروستبوونی دەیەها دەمووچاوی دیکەی باوك بێت.
بەڵام سەفەر هیچ شتێك نییە جگە لەسەر گوزشتەکانی بەردێکی موسافیر.

دەنگی باپیرەم ئێستا, تەنها لە ئەلبومی وێنەکاندا دەگاتە گوێ.
کەچی دراوسێیەکی شاری یەکەمم کە لە شاری سێیەمیشما دراوسێمە
کە بێکاری قۆڵ دەکا بەقۆڵیا ولە کۆمەڵەی کولتوری شاردا دایدەنێ
لە پاش دۆڕاندنی ئەزنیفێ
بە دەنگێکی گڕتر لە دەنگی باپیرەم دەڵێ: بەرد لە شوێنی خۆی سەنگینە.
کچەکەیشم, هەر وەك عادەتی هەمیشەی
گەروشەی پەتاتە ببیستێ
دیسان دەڵێ: بابە ئینسان پەتاتە نییە ڕەگی هەبێ, ئاخر ئینسان دوو پێی هەیە.

29 ی ئایاری 2003